# حەج لە سەر چ كەسێك واجب دەبێت ؟

﴿ على من يفرض الحج ؟ ﴾

[ kurdish – كوردی – كردي ]

یاسین سەلیم صادق

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ على من يفرض الحج ؟ ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين سليم صادق

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# حەج لە سەر چ کەسێك واجب دەبێت ؟

سوپاس و ستایش بۆ خوای بەدەسەڵات و کاروبەجێ و درود ورەحمەتی نەپراوەش بۆ سەر محمد المصطفى و ئەهل وبەیت وسەرجەم هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژووی دوایی .

خۆشەویستان بەجێهێنانی فەریزەی حەجي ماڵی خودا بەچەند مەرجێك واجب دەبێت لەسەر هەر کەسێك ئەو مەرجانەش بریتین لە :

١ـ موسڵمان بوون: حەج لەسەر کەسی ناموسڵمان واجب نییە و داواي لێ ناکرێت کە ئەنجامی بدات، چونکە حەج لەو پەرستشانەیە موسڵمان بوون مەرجە بۆ دروستی ئەو پەرستشە، لەبەر ئەوەی باوەڕ بناغە وئەصڵی هەموو کاروکردەوەیەکی خێر وچاکەیە لە ئیسلامدا ...

٢ـ عاقڵ بوون: کەسێك شێت بێت حەجی لەسەر نییە، چونکە جیاوازی ناکات لەنێوان چاك و خراپدا وە کەسێك خوا عەقڵی لێ سەندەوە واجبەکانی لەسەر نامێنێت و بەرپرسیارێتی پەیوەستە بە عەقڵەوە.

٣ـ باڵغ بوون: حەج لەسەر کەسی ناباڵغ واجب نییە، چونکە منداڵ داوای حەج و پەرستشەکانی تری لێ ناکرێت ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: « رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصبي حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَفِيق » {رواه أحمد و أبو داود والنسائي } واتە : (قەڵەمی تاوان لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە لەسەر خەوتوو هەتا لەو خەوە هەڵدەسێت و لەسەر منداڵ هەتا باڵغ دەبێت و لەسەر شێت هەتا چاك دەبێتەوە).

٤ـ ئازادی: دەبێت ئەو کەسە کۆیلە نەبێت چونکە کۆیلە ماڵی نییە بەڵکو خۆشی هی خاوەنەکەیەتی .

٥ـ ڕێگا ترسی تێدا نەبێت: ئەگەر موسڵمان ترسی دوژمنی هەبوو بۆ گیانی یاسامانی یا ڕێگا ترسی هەبوو بەهۆی جەنگ و جەردە و ڕێگرەوە ئەوە حەج واجب نییە

لەسەری، چونکە تووشی زەرەر و زیان دەبێت قورئانیش دەفەرموێت : (وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ) { البقرة : ١٩٥} واتە : لە ڕێ و ڕێبازی خــوادا بۆ ڕەزامەندی ئەو ماڵ و سامانتان ببەخشن، بەدەستی خۆتان، خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن (چونکە ڕەزیلی و دەست نوقاوی مایەی تیاچوونە)، هەمیشە خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (ماڵ و سامانتان لە پێناوی خوادا ببەخشن) چونکە بەڕاستی خوا ئەو چاکە کارانەی خۆشدەوێت.

بەگشتی ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت نابێت ئادەمیزاد بەدەستی خۆی خۆی تووشی ئەزێتو زیان بکات.

٦ـ توانای هەبێت : خوای گەورە دەفەرموێت: (وِلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً) {آل عمران: ٩٧} واتە: خوا حەجی کەعبەی بڕیارداوە لەسەر مەردم، لەسەر ئەوەی توانای ڕێگای هەبێ .

عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ( صلى الله عليه وسلم ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا يُوجِبُ الْحَجَّ قَالَ « الزَّادُ وَالرَّاحِلَةُ» { رواه الترمذي وقال حديث حسن } واتە : عەبدوڵڵای کوری عومەر رەزای خوایان لێ بێت دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا چی حەج واجب دەکات؟ فەرموی: تۆێشوو و وڵاخی سواری) تۆیشوو وەڵاخ مانای تواناکەیە کە لە قورئاندا هاتووە بۆ حەج کردن .

توانا بەچی دەبێت؟ توانا بەوە دەبێت مرۆڤ ئەوەندە سامانی هەبێت بۆ رۆشتن و گەرانەوە بەشی بکات وەدەبێت ئەم سامانە زیاد بێت لە مەسرەفی خۆی و خێزانی و قەرزاری- ئەگەر قەرزار بوو- وە توانا بوونیش دوو جۆرە :

**یەکەم :** توانابوونی راستەوخۆ: ئەو کەسەی خۆی بتوانێت حەج بکات و لەش ساغ بێت توانای سەفەری حەج و بەجێهێنانی ئەرکەکانی هەبێت بەبێ ئەوەی زەرەر و زیانێکی وا لێ بکەوێت لەتوانایدا نەبێت.

**دووەم :** توانابوونی ناراستەوخۆ : ئەوەیە سامانی هەبێت بۆ حەجکردن کە کەسێکی تر حەجی بۆ بکات خۆی لە ژیاندا بێت کاتێك کە خۆی لەبەر نەخۆشی یا پیری نەتوانیَ حەج بکات یا پاش مردنی بێت.

هیواداریین مایەی ڕەزامەندی خوای گەورە و پاشان سوود بەخشیش بوویێت بۆ هەمموان ...

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم